١٨ی تشرینی یەکەمی، ٢٠٢٣

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان**

**کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ بووە ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان**

خاڵە گرنگەکان:

- کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ میدڵ ئیست (Hunt Oil Middle East Limited) بووە شەشەمین کۆمپانیای نێودەوڵەتی نەوت، دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
- لە (٢٠٠٧)ەوە، کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ میدڵ ئیست لە ئەمریکا، لە هەرێمی کوردستانی عێراق نەوتی بەرهەمهێناوە و بەدوایدا گەڕاوە

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان وەک شەشەمین ئەندامی، پێشوازی لە کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ میدڵ ئیست دەکات. هەنت ئۆیڵ یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی خاوەندارێتی تایبەت لە ئەمریکا، کە وەبەرهێنانێکی بەرچاوی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەش هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە کاری تێدا دەکات.

بەگشتی، ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان نزیکەی ٥٠ لەسەدی تەواوی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنن.

بەگوێرەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ بە رێژەی ٨١ لەسەد کرێکارەکانی خەڵکی ناوخۆن- لەوانەش ٨٧ لەسەدیان لە بەهرە تەکنیکییەکانیەتی.

بەدرێژایی مێژووی، هەنت ئۆیڵ بیری لە تەواوی کیشوەرەکان هەڵکەندووە، بێجگە لە کیشوەری جەمسەری باشوور (ئانتارکتیکا).

لە کاتی دامەزراندنییەوە لە شوباتی ٢٠٢٣، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان، کوردستانی کردووەتە شوێنێک تاوەکو کۆمپانیاکانی گەڕان و بەرهەمهێنان، دابینکەرانی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنەران چاویان لەسەر کوردستان بێت.

مایڵز کاگینز گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان رایگەیاند،"دەنگی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بە ئەندامییەتی کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ میدڵ ئیست بەهێزترە." "هەموو کۆمپانیا ئەندامەکانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان هەمان ئامانجیان هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی تەواوەتی نەوت، لە بەرژەوەندی خاوەن پشکەکان، کارمەندان و ئابووری عێراق."

ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەن بگەنە چارەسەرێکی بازرگانی، کە مافەکانیان بە گوێرەی گرێبەستەکانیان بپارێزێت و پەرە بە کەشوهەوای وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بدات.

**-کۆتایی -**

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی.

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایڵز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

واتسئاپ: +1-254-371-5704
کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil